# ٩ ـ جگانی

جگ : گرێیەکە میسک (ئیسقان) یکە لە قاچەکانی پاشەوەی ئاژەڵا لە چۆکیا هەیە . جگ دوو رووی هەیە لایێکی ناوەڕاستەکەی قوڵتاییکی تیدایە پێی ئەڵێن[میر ] ،لایەکەی تری لووس و راستەپێی ئەڵێن«کەر».

کە دوو منداڵ دائەنیشن لە گەڵ یەکا جگانی ئەکەن هەر جارەی یەکێکیان جگێك بە دەست هەڵ ئەدەنە پێش خۆیان ، جگی کامیان میر بێت جگێك لە منداڵەکەی تر وەر ئەگرێت تا یەکێکیان هەموو جگەکانی منداڵەکەی تر بۆ خۆی ئەباتەوە ، یا لە یاری بێزار ئەبن ئەمجا واز دێنن .

جۆرێکی تر جگانی هەیە وەکوو کەللایانی ئەکرێت ، هەر منداڵێك جگێك ، یا چەند جگێك ئەکات بە تاکە جا چەند منداڵی هەبن ، هەر یەکەیان جگێکی گەورە بە دەستیانەوە ئەگرن کە پێی ئەووترێ «حۆڵە» لە قزگەکەوە ئەیان هاوێن بۆتاکەکان .

جۆرێکی تریش جگانی هەیە کە بە جغز ئەکرێ ، جغزێك لە سەر زەوییا ئەکەن و هەر یەکە جگێکی ئەخەنە ناویا بەریزە لە دەرەوەی جغزکە هەر جارەی یەکێکیان بە حۆڵەکانی دەستیان لەجگەکانی ناو جغزەکە ئەدەن، و لە ناو جغزەکە دەری ئەکەن جا هەر یەکە چەند جگێکی لەگەڵ لێدانا لە ناو جغزەکە دەرکرد بۆ خۆیەتی ، هەر یەکێکیش کە هاویشتی و لە هیچ جگێکی نەدا لە یاری کردنا ئەکەویت و یەکێکی تر دەس بەیاری ئەکات هەتاکوو جگەکانی ناو جغزەکە هەموو دەرئەکرێن. ئەمجا لە سەرێوە دەس بە یاری یەکە ئەکەنەوە و هەر یەکە جگێکی تر ئەخەنەوە ناو جغزەکە .